# مەلا بەختیار وپەلپی ئەقلی شەڕانگێز !

محەمەد هەریری

لە رۆژی ٢٠٠٣/١/٢٠ مەلا بەختیار رەخنەیەکی (١٩) لاپەڕی بلاوکردەوە لە وەلامی تاقە ستونێك کە پێش زیاتر لە سێ مانگ بلاوکراوەتەوە. نازانم پێشتر بلاوکراوەتەوە، یان نا. ئەگەر بە پێی مەرجی کوردستان نێت بێت، نابێت لە شوێنێکی تر بلاوکرابێتەوە، ئەگەر وا بێت لە تەوقیتی بلاوکردنەوەکەی ناگەم، بلێی لەبەر سەرقالی مەلا بەختیار بێت بە خزمەتکردنی گەلەوە، یان بەرنامەیەکی نهێنی لە ئارادایە، وسەرەتاکەی بەو پەلپ پێگرتنە دەست پێبکات؟!

پێش هەموو شتێك دەمەوێت بلێم ئەو نوسینەی من ئەوەندە بەرگری نییە لە یەکگرتوو، بەقەد ئەوەی بەرگرییە لە میانەڕۆیی وپێکەوە ژیانی، نەسڕینەوەی یەکتر، هەروەها ئاگادار کردنەوە یەکیشە بۆ ترسناکی هەلدێران بۆ ناو ئەو زورگە ترسناکەی، کە کەسانێکی وەك مەلا بەختیار وهیتریش هەولی بۆ دەدەن، بەبێ رەچاوکردنی ئەنجامە ترسناکەکانی!

دووەمین من سەر بە هیچ حزبێك نیم، ئەگەر چی خۆم بە نزیك دەزانم لە قوتابخانەی میانەڕۆیی بە هەموو لایەن وکەس ودەزگاکانیانەوە.

ئەگەر بڕوانینە ناونیشانی وتارەکەی مەلا بەختیار : (دیالۆگی ئەقلی ئازاد وداوەرییەکی سەلەفیانە) هەر لە ناونیشانەوە خیتابی تەنگ بەری، چەپرەوی توندرۆیانەی خۆی ناودەنێ بە ئەقلی ئازاد، وبەرامبەرەکەشی ئەقلی سەلەفی (بەو تێگەیشتنە سەقەتە زمانەوانییەی کە خۆی لە سەلەفیەت دەگات) . مەلا بەختیار زۆر وشەی سەلەفی بەکار دەهێنێت، لە کۆڕ وکۆبونەوەکانی، بێئەوەی رۆژێك بۆ خوێنەر وخەلك رونیکاتەوە مەبەستی لە سەلەفیەت چییە. سەلەفیەت مەزهەبێکە وڕێڕەوێکی ئیسلامییە پەیڕەوانی بڕوایان بە پراکتیسەکردنی ئەرکە ئایینیەکان هەیە لەسەر رێڕەوی کرداری وتیۆری (سەلەفی سالح) واتە پیاو چاکانی بەرایی، کە هاوەلانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) ودوو نەوەی تری دوای ئەوانیش دەگرێتەوە، واتە (تابیعی وتابیعی تابیعی) . بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە هەموو ئیسلامیەك بەناچاری سەلەفییە.

لە (دیالۆگی ئەقلی ئازاد وداوەرییەکی سەلەفیانە) مەلا بەختیار لافی دیموکراسی بوونیان لێدەدات، گوایە شان بەشانی براکوژی وکوردکوژیش بەرگرییان لە دیموکراسی وکۆمەلگای مەدەنیەت دەکرد! کەی کوژەری دەست سور بە خوێنی براکەی دەبێتە دیموکراتخواز؟! مەگەر ئەو چەمکە بەس لە قاموسی چەپڕەوێتی توندڕۆ شوێنی بێتەوە! بەڕاستی دەمێکە مەلا بەختیار وبەرپرسانی تریش، لافی دابینکردنی دیموکراسی بەسەر حیزب ولایەنەکانی کوردستان لێدەدەن، دەیانەوێش وا لە خەلکی بگەیەنن کە هەرچیەکیان کردوە لەبەدکاری وکاری چەپەل ونەگریسانە هەر لەو پێناوە پیرۆزەدا بوە، وەك شەڕی براکوژی، ودیل کوشتن، وسوکایەتی کردن بە مردووەکانی یەکتریش (وەك میز کردن بەسەر لاشەی مردوێك، کە بەچاوی خۆمم دیوە ومیزکەرەکەش یەکێتی بوو!) پێشێلکردنی پەرلەمانی کوردی، وداگیرکردنی هەولێر، هێنانی سوپای بێگانە، وشرەخۆری، ودەستدرێژی کردنە سەر کەرامەتی خەلك وبەتایبەتی ئافرەتی کورد، لەوەش تایبەتتر ئافرەتی شەهیدەکان، لە ژێر فشاری بێ دەرامەتی وبژێوییدا. گوێبگرە بۆی چۆن ئەو براکوژیانەی خۆیی وحیزبەکەی دەپیرۆزێنێت :

"پاشان، کام (رۆشنبیری نەخۆش) کە (فەزای شەڕ وناکۆکیە خوێناویەکان بەرهەمی هێنابوو) ، مەبەستت کامە رۆشنبیرییە؟ ئەو رۆشنبیرەی لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا ئازادی فراوانتری دەبەخشی؟ یان ئەو رۆشنبیرییەی بەرگری لە دەستکەوتەکانی دیموکراسی دەکرد؟" ئەو وشەیەی دیموکراسی، قسەیەکی خۆشی هونەرمەندێکی شانۆیی عەرەبیم

بەبیر دێنێتەوە، کە لە شانۆگەریەکی سیاسی دەیگوت :"[1] دیموکراسی زاراوەیەکی بە ئەسڵ عەرەبییە، لە (دیمو علی کراسی) دا هاتوە، واتە بەردەوام بن لەسەر کورسیەکانتان!

مەلا بەختیار وەك کەسایەتییێکی هەرە توندڕۆی ناو باڵەکانی یەکێتی لە هەموو ئەو چەپەڵیانەی سەرەوە کە باسمان کردن، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە ولەمەودواش دەیبێت، ئەگەر بێتوو کەسانیتری ناو سەرکردایەتی یەکێتی سنورێك بۆ ئەو وهاومەشرەبەکانی ئەو دیاری نەکەن. چونکە یەکێتی حاڵی بەدەست چەند سەد کەسێکی (انصار الإسلام) حەڵوەلایە، وداوای بۆردومانکردنی ڕاستەوخۆ وکۆمەکی ئەمریکا دەکات، بەپێی لێدوانەکانی تاریق عەزیزیش ڕژێمی عێراقیش یارمەتی داون بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، ئەگەر بێتو خیتابی توندڕۆی مەلا بەختیار ببێتە خیتابی یەکێتی، ولە واقیعدا جێبەجێ بکرێت، وهەموو حیزبە ئیسلامیەکانی تری وەك یەکگرتوو - بەو بنکە جەماوەرییە پان وبەرینەی کە هەیەتی - وبزوتنەوە وکۆمەڵی ئیسلامیش ناچاری ڕوبەڕو بوونەوە کرد، لە بەرژەوەندی جیهانخۆرێکی وەك ئەمریکا، ئەو کاتە حاڵی یەکێتی بەکوێ دەگات؟! دواتر یەکێتی چ کارەساتێکی تر بۆ کورد دروست دەکات، کە پاشینەی کارەساتاوییان زۆر یاریدەدەرە بۆ دروستکردنی دەیان وسەدان کارەساتی تری کوردکوژی!

ئەو دیموکراسیەتەی کە بەخێر دەیبەخشیتەوە سەر خەڵك وحیزبەکان، هۆی دەرکی وهەلومەرجی ڕژێمی عێراقی دروستی کردوە، نەك ئاشەکەی مەلا بەختیار! ئەو دیموکراسیەتەی کە بە هێزی ئامادەباشی هاوپەیمانەکان، یان ئەمریکا وبەریتانیا دابینکراوە بۆ خەڵك وبۆ حیزبەکانیش، چونکە لەو باوەڕە دام ئەگەر ئەو پاراستنە دەرەکییە نەبوایە هەموو جەماوەر وحیزبەکانیش بۆ چەند سەعات زیاتر توانای بەرگرییان نییە لەبەردەم سوپایەکی دڕندەی وەك سوپای عێڕاق!

بەڵێ ئەو دیموکراسیەی کە بەو شێوەیە دابینکراوە، مەلا بەختیار بەنرخێکی تر پێمان دەفرۆشێتەوە وەك بلێی خێر بەو خەڵك وحیزبانە بکەن، بۆیە من پێم چاکە زاراوەکە بگۆڕێت بۆ خێروکراسی. لەو باوەڕەشدام ئەگەر کەسی ژمارە یەکی ناو یەکێتی بوایە، ئێستا یان دەمێك بوو یەکێتی لەبەر ریسکە سەرەڕۆیەکانی ئەو، خوا بۆخۆی بردبویەوە، یانیش وەك فەرخە ستالینێك وپۆل پۆتێك حوکمی کوردستانی دەکرد، چونکە ئەوکالایە دیموکراسیەی پۆشیویەتی لەبەر حوکمی مۆدە وسەردەمە وەك رانکوچۆغە وعەگگاڵ، یان تەنورەی مینی ژۆب وجامانە دێتە بەرچاو. !

نمونەی ڕۆشنبیری چەپڕەوی هەلپەرستی وەك مەلا بەختیار زۆرن لەناو حیزبە نۆکەرە دەسەڵاتدارەکانی سەر بە ئەمریکای ناو جیهانی ئیسلامی، سەرم سوڕدەمینێ چۆن دەتوانن خۆیان بگونجێنن لە نێوان مارکسیتی وچەپڕەوی وئەمریکی بوونیان زیاتر لە ئەمریکیەکان، ئاخیر خیتاب ولۆژیکی مەلا بەختیار لەهی خودی دەبەنگەکەی کۆشکی سپی دڵ ڕەشان، بۆش توندڕۆ ترە، هەتا کاتێ (بۆش) وتەی جەنگی خاچپەرستانی لە دەم دەرچوو لە پاش روداوەکانی ١١ ی سەپتەمبەر، بەو هەموو هێز وهەیلەمانەوە داوای لێبوردنی لە موسڵمانان کرد، کەچی قسەکەی ئەو بە یەك لە سەدی سوکایەتیەکانی مەلا بەختیار بە ئیسلام وئیسلامیەکان نابێت، هەرچەندە مەلا بەختیار وحیزبەکەی بە دەست گروپێکی بچوکی چەکدار بەو شاخەوە گیریان خواردوە!

ئینجا بچوکترین پرنسیپی دیموکراسی دانهێنانە بە بەرامبەر، کەچی مەلا بەختیار بە ئاشکرا یەکگرتوو وهەر حیزبێکی ئیسلامی تر بە ناشەرعی دادەنێت :"ئاخر خوا وئایینی ئیسلام چ پێویستیەکیان بە ئیسلامی سیاسی وحیزبی ئیسلامی هەیە، ئەگەر دیماگۆگیەت نەبێ بەناوی خوا وئیسلامەوە؟"[2]

---

[1] لاپەڕە ٤، (دیالۆگی ئەقڵی ئازاد وداوەرییەکی سەلەفیانە) مەلا بەختیار

[2] لاپەڕە ٧، (دیالۆگی ئەقڵی ئازاد وداوەرییەکی سەلەفیانە) مەلا بەختیار

مەلا بەختيار بەوە قەڵسە گوايە يەكگرتوو ژەهری براكوژی وەك ئەوان فڕ نەكردووە، وبەڵكو وەزارەتێكيشی قبوڵ كردوە لە پارتی، وتەنگوچەڵەمەی خەڵكيشی قۆزاوەتەوە. بەڵام ئەوە كەی سەربەرزييە بەژداری ئەو شەڕە نەگريسە بيت، ئەوە خاڵێكی پۆزەتيڤە بۆ يەكگرتوو تۆمار دەكرێت، نەك لە دژی.

بە نيسبەت قۆزتنەوەی تەنگوچەڵەمەی خەڵكيش، كە لە زۆر شوێنی نوسينە درێژەكەت ئاماژەی پێدەكەيت، ئەوە خودی خەڵك بوو لێتان بێزار ببوون وژيانتان لێكردبوون بە دۆزەخ، ژمارەی سەيتەرەكانی نێوان ئێوە ئەوان لە ژمارەی سەيتەرەكانی كوردستان وباقی عێراق زۆرتر بوو، بازرگانی نێوان ئەو دوو دەڤەرەش لەبەر بەرتيل وشيرينی وخاوە، گرانتر بوو لە بازرگانی نێوان كوردستان وباقی عێراق. خەڵكيش سروشتی وايە بەدوای ئەلتەرناتيف دەگەڕێت، خەڵك گوێ بە مێژوو ودەسكەوتی مێژوويی تۆ نادات، ئەوە گريمان ئەگەر ئێوە مێژوويەكی موشەڕەفتان هەبێت! هەرچەندە مێژووشت پاك بێت ئەوە لە مێژووی ( ديگۆڵ) ی ڕزگاركەی فەرەنسا لە چنگی نازييەكان پاكتر نابێت، كە هێندەی نەبرد لە هەڵبژاردنی سەرۆكايەتی فەرەنسا دەرنەچوو، بەبێ ئەوەی بداتە شاخ وبڵێ من ڕزگاركەرم، وكەمن هەبووم كەی فلان هەبوو! ئێوە لە يەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمان هەڕەشەی شەڕتان دەكرد ئەگەر هاتوو پارتی بە تەنيا سەركەوێت، هەرچەندە كە پارتی هەبوو ناوی ئێوە لە تورەكەی تەرپشدا نەبوو، كە وابوو مەسەلەكە كۆن ونوێيی نييە بەقەدەر ئەوەی كەڵەگايەتی وكورسی پەرستی وعەقڵيەتی شەڕانگێزی حيزبی سەركردە وتاكە. ئەوەيە جياوازی نێوان ديموكراسی وخێروكراسی!!

ئينجا گريمان ڕاستە يەكگرتوو پارە وپولی لەوڵاتانی كەنداو هێناوە بۆ ئەوەی بەسەر خەلكی ببەشێتەوە بۆ قۆزتنەوەی ئەو بارە نالەبارەی كە ئێوە تێيانتان خستبوون، ئەو كارە هەر چۆنێكی بێت، چاكترە لەوەی پارەو پولی خۆشيان لێ بدزن وبيدەن بە چەك وبينێنەوە بە سنگی خەڵكەكە، يان بينێرن بۆ بانكەكانی ئەوروپا، وژنی منداڵ وجوان بەسەر ژنەكانی رۆژانی (خەبات) تان بێنن، كە زۆربەی زۆرتان بە ئاشكرا ونەهێنی ئەو كارەتان كردوە، ئەو كەسەش كەسە ئەلفێكی بەسە! يان ئەگەر كەمێكيشيان، پێبدەن ئەوا لە بەرامبەری خوێن وشەرەفيان بێت! هەرچەندە وەك ماركسيەك شەرەف لای تۆ زاراوەيەكی كۆنەپەرستييە!

تۆ تاقە وەزارەتێكی شڕت پێ زۆر وپێچاوە بۆ يەكگرتوو، بێ ئەوەی باسی ئەوە بكەيت كە سەلاحيەت وڤاليديتی پەرلەمان وحوكمەتە دوولەتەكەتان دەمێكە كۆتايی پێهاتووە!

دەبوايە تا ئێستا چەندين هەڵبژاردنی تری ئازاد ئەنجام درابان، ئەو كاتە دەتزانی چۆن نەخشەی سياسی گۆڕاوە وزياتر لە سێ يەكی وەزارەتە شڕەكانيشتان لەبەر دەست دەردەچوو، بە مەرجێك ئەگەر چەك بەرز نەكەنەوە وداوای باجی ئەمجادەكانتان لە خەڵك نەكەنەوە!

مەسەلەيەكی تر كە پێويستە ئاماژەی پێبكرێت، ئەو لێكدانەوە بليمەتانەی مەلا بەختيارە بۆ هاوبەشی (منهج) لە نێوان (القاعيدە) ويەكگرتوو. . . هتد، لو بارەيەوە دەڵێت :

"لە راستيا، لە رووی سياسيەوە، لە رەوشی كاركردن وشێوەی هەڵسوڕانی حيزبيەوە، بگرە لە پێكهاتەی حيزبايەتيشدا، يەكگرتوو جياوازە لە (القاعيدە) ، واتە (نهج) ی يەكگرتوو لە هی (القاعيدە) جيايە. ئەمە ئاشكرايە. بەڵام. . دەتوانين قسە لەسەر گەلێك بۆچونی هاوبەشی (منهج) ی هێزە ئيسلامگەراكان بكەين.

ئيسلامگەرا سونيەكان (بۆ تەنها سونەكان لەبەر خاتری ئێران؟!) لە دەقپەرستی ولە مێژووی ئيسلام وخواپەرستی دا، هاومەنهەجن. "[3]

[3] لاپەڕە ٧، (ديالۆگی ئەقڵی ئازاد وداوەرييەكی سەلەفيانە) مەلا بەختيار

ئەو قسەیە وەك ئەوەیە كە دەڵێن پاش بیركردنەوەیەكی دوورودرێژ ئاوی تەفسیر كرد بە ئاو. چونكە بەو پێوەرە بێت، هەموو یەكێك بەخۆی بڵێت موسڵمان (منهج) هاوبەشی دەبێت لەگەڵ القاعیدە، كەس بەو هەرِشە ئەدەبیانەی بۆش وبازەكانی ئیدارەكەیی وهاووێنەی مەلا بەختیاری پاشكۆیان دەست لە ئیسلام هەڵناگرێت، ئەوەشی بە ئارەزووی خۆی دەستی هەڵگرتوە (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر) خوا پێویستی بە ئیمانی كەس نییە!

بۆ مەلا بەختیار چەپرِەوێكی روسی، یا ئێرانی، یا سوێدی هەزاران جار پێ چاكتر نییە لە ئیسلامییەكی كوردی میانەرِۆ بەقەد یەكگرتوو؟!

مەلا بەختیار كە بەقسە دانسقەكانی خۆی نازانێت چەندە سوكایەتی كردنە بە قورئان وئیسلام، لەسەر حاڵی خۆشی داوای تەكفیر كردنی قاعیدە وتالیبان وجند الإسلام دەكات لە یەكگرتوو، بەڵام كە بیری دەكەوێتەوە یەكگرتوو ئامادە نین هیچ عەلمانییێك وهەتا مەلا بەختیاریش تەكفیركەن، سوكانی باسەكەی بەرەو شیكردنەوەیەكی پەنهانی وغەیبی دەباتەوە، وداوەری نیەتەكانی یەكگرتوو دەكات، گوایە لەبەر لاسەنگی هێزی یەكگرتوو بەرامبەر هێزی عەلمانییەكان ئەو تەكفیر كردنە ناكەن، وەك بڵێی ئاواتە خوازی ئەوە بێت، یەكگرتوو فەتوای تەكفیركردنی مەلا بەختیار دەربكات، بەڵكو ئەستێرەیی بوونی سنوری منداڵ وتاڵەكانی خوێندكاران دەبرِێت، بەرەو جیهانی بوون، وەك سەلمان روشدی، وتەسلیمە نەسرین، حامد نەسر ئەبو زەید.. وهتد. ئەوەش دەقی قسەكانیەتی :

"یەكگرتوو (نهج) ی هاوبەش دەیانبەستێتەوە بە (شەرع) ی هاوبەشیش. لە شەرعی ئیسلامدا قورسە هێزە ئیسلامیەكان ئیدانەی موسڵمان یان شەرِی هێزی ئیسلامگەرا بكەن. یەكگرتوو ناتوانن بە (القاعیدە) یان (تالیبان) یاخود بە (جند الإسلام) بڵێن موسڵمان نین. چونكە ئەوان هێزی (عەلمانی) تەكفیر ناكەن، چ جای بۆ ئیسلامی. تەكفیر نەكردنی عەلمانیەكانیش لەوەوە هاتووە كە (كافر) شەرِكردنی حەلاڵە. بەڵكو ئەركی پیرۆزی ئیسلامیشە : [ يا أيها النبي جاهد الكفار والمنافقين وأغلظ عليهم ومأواهم جهنم وبئس المصير] (التوبة آية – ٧٣) . یەكگرتوو لەم هاوسەنگیەی هێزە عەلمانیەكان ولاسەنگیەی خۆیان وعەلمانییەكاندا، خۆیان لە قەرەی (تكفیر) نادەن. چونكە خەڵكەكەیان وئیسلامیەكانی تر دوایی داوای باجی (تەكفیر) مكەشیان لێدەكەن. "[4]

هەر ئەو دەقە چەندین هەڵەی تێدایە، یەكەم ئەو هاوبەشییە (منهج) یەی كە پێشتر باسی كرد لە نێوان یەكگرتوو والقاعیدە وئەوانی تر، بە خێرا گۆرِیویەتی بۆ (نهج) ی هاوبەش، كە خۆی پێشتر دانی بەجیایی دا هێنا، دووەم شەرِی كافر بەشێوەیەكی رەها وموتڵەق حەڵاڵ نییە، ئەوە كاری ئەو وبریاری ئەو نییە (لا ينهاكم الله عن الذين لم يقاتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا إليهم إن الله يحب المقسطين إنما ينهاكم الله عن الذين قاتلوكم في الدين وأخرجوكم من دياركم وظاهروا على اخراجكم ان تولوهم) [الممتحنة ٨–٩]

واتە : ( خوا قەدەغەتان ناكات لە چاكە كردن ودادپەروەری دەرهەق بەوانەی كە لەدژی دینەكەتان لەگەڵتاندا نە جەنگاون، ولە ماڵ وخاكی خۆتان وەدەریان نەناون، خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت، بەڵكو قەدەغەتان دەكات دەرهەق ئەوانەی لە دژی دینەكەتان لە گەڵتاندا جەنگاون، ولە ماڵ وحاڵی خۆتانیان وەدەرناون، ویان یارمەتی دوژمنانتانیان داوە بۆ وەدەرنانتان. . .)

سێیەم : ئەو شیكردنەوە غەیبییەت بۆ دیاردەی تەكفیرنەكردن لە لای یەكگرتوو بەڵگەیە لەسەر ناشارەزاییت بە یەكگرتوو و قوتابخانەی میانەرِۆی برایان، هەوڵدانێكە بۆ تێكەڵ كردنی كارتەكان، وكێشانی هەموان بە یەك تەرازوو.

---

[4] لاپەرە ١٣، (دیالۆگی ئەقڵی ئازاد وداوەرییەكی سەلەفیانە) مەلا بەختیار .

له كۆتاييدا دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی كاك ئەبوبەكر عەلی[5] :

له كۆتاييدا دەڵێم كێشەی سەرەكی ئەم وڵاتە لە چەندين ساڵی رابردوودا كێشەی ناكۆكی نێوان دوو پارتيە دەسەڵاتدارەكە بووە. ئێستاش هێزە كوردييەكان لەسەر زۆربەی پرسەكانی تايبەت بە عێراق و كوردستان هاوبيروڕان. ئەم جۆرە نەفەس و گوتارە بەسەرچووەش خزمەت بە ئێستاو ئايندەی هەرێم ناكات. تاكە رێگای راست لەبەردەمی رێكخستنی پەيوەندييە ناوخۆييەكانيشدا زمانی ديالۆگ و نرخاندنی رۆڵی يەكترو رەواندنەوەی هەموو گومان و راڕاييەكە كە زيان بە يەكپارچەيی خەڵك و هێزەكانی دەگەيەنێت.

٢٠٠٣-١-٢٣

**تێبينی كوردستان نێت:**

مەرج نيه ئەم نووسينه لەگەڵ بيرو بۆ چونی نەتەوايەتيماندا بێت، كه بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان به ئازادی دەربڕينەوە، بڵاويدەكەينەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەويستيماندا بۆ پارێزەرانی بيری نەتەوايەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەيە.

ئەم تێبينيه لە ژێر هەموو نووسيتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

[5] هەفتەنامەی يەكگرتوو، لاپەڕە ٢، ژمارە (٤٠٦) ی رۆژی ٢٠-٩-٢٠٠٢



www.kurdistannet. كوردستان نێت